# خۆ ئامادەکردن بۆ سالی نوێی خویندن 2016-2017

1. پاکردنەوەی هۆلەکانی خوێندن و تاقیگەکان،دابین کردنی مێزی مامۆستا، پەردە،سەلەی خۆلی پێویست لەگەل کیسی خۆلدا،کورسیەکانی قووتابی/خویندکارەکان هەمووی چاك بکرێتەوە ئەگەر شکاو ی تێدا بێت.
2. دلنیابوون لە ئیش کردنی split, data show،و سەعاتی دیوار.
3. پاکردنەوەی تاقیگەو وەرشەکان و دابین کردنی ئامێرو وایەرە کارەباییەکان کە پەیوەندی هەبێت بە سەلامەتیەوە وە چاککردنی پلاك و سویچە شکاوەکان.
4. نوسینی ژمارەی هۆلەکان – ناوی تاقیگەکان لەسەر دەرگای ئەو شوێنانە.
5. پاك و خاوێنی ئاودەست و شوێنی نوێژکردن،دابین کردنی صابون لەسەر هەموو دەست شۆرەکان،وە دانانی سەلەی خۆلْ بە کیسەوە لە ناو هەریەك لە توالیتەکان تا کێشەی گرتنی ئەو شوێنانە کەم ببێتەوە،وە دانانی خشتەکێکی رۆژانە بۆ باجیەکان بە هەستان بە پاکردنەوەی ئەو شوێنانە.
6. پاك و خاوێنی باخچەو دەرەوەی کۆلێژو دەستەکان، لابردنی هەرچی کۆسپ کە ببێتە هۆی کەوتن لەو شوێنانەدا وەکو ( سۆندەی ئاو،وایەری کارەبا.....هتد ).
7. زۆر پێویستە هەریەك لە لیژنەکانی تەندروستی و سەلامەتی هەستن بە پشکنینی چێشتخانەکانی ناو زانکۆ بۆ دابین کردنی شوێنێکی پاك و خاوێن وە خواردنێکی بێ زەرەر بۆ تەندروستی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران.
8. ئەندامانی لێژنەی تەندروستی وسەلامەتی هەستن بە سەردانی کردنی هەموو ژوورو ئۆفیسەکانی کۆلێژ وە بە فەرمانبەران ڕابگەیەنن کە هەر یەك لە وان بەرپرسن لە پاك و خاوێنی و سەلامەتی ژوورەکانیان.
9. پشکنینی چایخانەکان وە فێرکردنی ئەو باجی و ئیشکەرانە کە لە چایخانە ئیش دەکەن کە پاك و خاوێن بن و کەرستەی چالێنان بە پاکی ڕابگرن وە پیالەی چا بشۆردرێت بە زاهی لە دوای چا خواردنەوە.
10. هەستان بە کردنەوەی چەند خولێك بە پێی توانا بۆ مامۆستاو فەرمانبەران وەکو خولی ( ئاگرکوژاندنەوە، فریاگوزاری سەرەتایی، خولی سەلامەتی بە کارهێنانی تاقیگەکان ).
11. زۆر بە پێویستە لە یەکەم هەفتەدا ئەگەر بۆ ماوەی ( 15 خولەکیش ) بێت کورتەیەك دەربارەی کارەکانمان ڕابگەیەنرێت بە گشت قووتابی/خویندکارەکان تا سوودی ئەم سیستەمە بزانن وە ئەوانیش دەبێت بەشداربن لە چەسپاندنی سیستەمی تەندروستی سەلامەتی لە زانکۆ.
12. جەختکردنەوە لە هەلواسینی ژمارە تەلەفۆنەکانی باری لە ناکاو وەکو (ئاگرکوژانەوە،نەخۆشخانەی فریاکەوتن. پۆلیسی فریاکەوتن ).
13. جەختکردنەوە لە صندوقی فریاگوزاری سەرەتایی کە ئایە پێداویستی سەرەتایی تێدایە.
14. پاککردنەوەی هەموو تانکی ئاوی ناو زانکۆ و دەستەکان کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستین.
15. پاك کردنەوەی فلتەری split بالەخانەکان.
16. دابین کردنی بتلی ئاگر کوژێنەوە بۆ پاراستنی سەلامەتی گشت قوتابی /خویندکار وفەرمانبەران.

17. جەخت کردنەوە لەسەر هەموو بوارێك کە پەیوەندی هەبێت بەسەلامەتی کارەباوە (Electrical safety).
18. رێکخستنی جەدوەلیکی هەفتانە بۆ پێشکەش کردنی ئامۆژگاری لەسەر (تەندروستی و سەلامەتی) بۆ هەموو قوتابی /خویندکارەکان لەلایەن یەکیك لە لیژنەکانەوە تا قوتابیش بزانن ئەم کارانە بۆسودی هەمووانە وە پێویستە ئەوانیش لەو پرۆسەیەدا بەشداربن .
19. بەکارهێنانی فۆرمەکانی تەندروستی و سەلامەتی بۆ بەدواداچون لەبواری سەلامەتی باڵەخانەکان وە بۆ ئاسان کردنی کارەکانی لیژنەکان کە لە وەزارەتەوە سەردانتان دەکەن.
20. پیداچوونەوە بەلیژنەی سەرەکی و لاوەکیەکانی تەندروستی و سەلامەتی لەسەرجەم کۆلیژەکان وە دەست نیشان کردنی کەسانی کە بروایان بەبیرۆکەی تەندروستی و سەلامەتی هەیە.

بەریوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی